

## شێروان حەیدەری:

# ئەو دەستوورەی بۆ هەرێمی کوردستان دەنووسرێت دەکرێت لە قۆناغێکدا وەک دەستووری وڵاتێک کاری پێبکرێت

**✽ لە میانی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەییدا یەکێک لەو خاڵانەی پێگیری زۆری لەسەر کرا مەسەلەی دەستووری هەرێمەکان بوو دیارە لە عێراقدا تەنیا هەرێمی کوردستان هەیە و ئەم هەرێمەش دەستووری تایبەتی خۆی دەبێت و دیارە ئەولەویەت بە دەستووری هەرێم دەدرێت.**

**ئایا ئەم دەستوورە چۆن لەگەڵ دەستووری عێراقدا یەک دەگرێتەوە لە کاتێکدا دەستووری عێراق لە ئایینی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە لە کاتێکدا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان زۆر پێگیری کرد کە ئایین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، بەڵام کوردستانییەکان دەکرێت دەستوورەکەیان بەو جۆرە بێت کە خۆیان دەیخوازن؟ ئایا ئەمە پێچەوانەی دەستووری عێراق نابێت؟**

**ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان لەم دەستوورەدا چۆن دیاری دەکرێت؟ بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەڕێوەن لە ناوچەکەدا ئەگەر کوردستان ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ ئایا ئەم دەستوورە دەتوانێ کاروباری ئەو وڵاتە بەڕێوە ببات؟ ئەی ئەگەر ئەم دەستوورە لەلایەن خەڵکەوە پەسەند نەکرا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بە کوێ دەگات؟ بۆ زیاتر وردبوونەوە لەم پرسانە بەڕێز شێروان حەیدەری جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان هاتە ئاخاوتن.**

**دیمانە: نامق هەورامی**

*** پرۆژەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لە چ قۆناغێکدایە؟**

- کۆبوونەوەکانی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن لیژنەی دەستوورییەوە بەردەوامە و کۆبوونەوەکان لە قۆناغی کۆتاییدایە و ئێستە لیژنەکەمان لە قۆناغی دیراسەکردنی ئەو پێشنیارانەدایە کە پاش بڵاوبوونەوەی ڕەشنووسەکە پێی گەیشتوون و سەرقاڵی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ئەو بۆچوونانەن تا بتوانرێت لە دەستوورەکەدا تەعدیلات بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە سێ خاڵی سەرەکیمان لەو پێداچوونەوەیە ڕەچاو کردووە کە بریتین لە:

١- دەستووری هەرێمی کوردستان دەبێت گونجاوبێت لەگەڵ دەستووری عێراقی فیدراڵ و نابێت پێچەوانەی ئەو بێت و بۆیە ئەم پرەنسیپەمان بەو شێوەیە وەرگرتووە، چونکە لە دەستووری عێراقی فیدراڵدا هاتووە نابێت دەستوورە هەرێمییەکان پێچەوانەی دەستووری عێراق بن.

٢- ئەو بڕگانەی پەیوەستن بە مافی گەلی کورد و لە دەستووری عێراقی فیدراڵیدا ئاماژەیان پێنەدراوە لە دەستووری هەرێمدا ڕاشکاوانە دەچەسپێنرێت و ئەمەش پێچەوانەی دەستووری عێراق نییە بەڵکو تەواوکەر و کاملکەری دەستووری عێراقە.

٣- مەسەلەی مافی نەتەوە و پێکهاتەکانی کوردستان لەم دەستوورەدا دەچەسپێت و تەواوی ئەرک و مافەکانی هاووڵاتییان دیاری دەکرێت.

وەک چۆن سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە بەغدا زۆر داکۆکی لە مافەکانی ئەوان

کردووە لە دەستوورەکەشدا بە هەمان گوڕوتین و زیاتر لەوەش مافەکانیان دەچەسپێنین ئەمانە ئەو خاڵانەن کە لە پێداچوونەوەی دەستووری کوردستاندا دەوڵەمەندتر دەکرێن.

*** ئەگەر ئەم دەستوورە کۆک بێت لەگەڵ دەستووری عێراقدا کەواتە دەبێت لێرەش ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاساکان بێت، لە کاتێکدا شاندی کوردستان و سەرۆکی کوردستان سووربوون لەسەر ئەوەی ئایین بەشێک نەبێت لە دەوڵەت؟**



**ئافرەت لەم دەستوورەدا خاوەن مافی مەدەنی و سیاسییە و دەستوور زامنی ئەو مافانەی ئافرەتە کە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە و دان بە مافی ئافرەتاندا دەنێت**

– تا ئێستا لە گفتوگۆداین لە بارەی ئەو خاڵەوە و گفتوگۆی زیاتری دەوێت تا بگەینە ئەوەی دەقێکی چەسپاوی بۆ دابڕێژرێت.

*** لە دیباجەی دەستووری عێراقدا هاتووە یەکگرتوویی عێراق پەیوەستە بە جێبەجێکردن و ئیلتیزامی دەوڵەت بەرامبەر بە چەسپاندنی دەستوور، ئەگەر ئەوە نەکرا دەکرێت لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق ئەم دەستوورە وەک دەستووری وڵاتێک کاری پێبکرێت؟**

– خاڵێک گرنگە باس بکرێت ئەویش مەسەلەی دیباجەکەیە کە دەبووایە بنووسرایە ئەم دیباجەیە وەک خاڵێکی دەستوور مامەڵەی پێدەکرێت کە بەداخەوە نەنووسراوە.

ئەوە مانای ئەوە نییە ئیدی ئەو دیباجەیە هێزی یاسایی نییە و بە واتایەکی تر ناکرێت ئەوەی لە دیباجەکەدا هاتووە ئیدی لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا نابێت ڕوونکردنەوە و خاڵی پێچەوانەی ئەوی تێدا نەبێت بگرە دەتوانین خاڵ و بڕگەی تایبەتمان لە دەستووری کوردستان لەو بارەیەوە هەبێت.

ئەم دەستوورە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە دەستوورێکی چڕوپڕە و لەهەر قۆناغێکدا پێویست بێت وەک دەستوورێکی سەرکەوتوو دەتوانرێت کاری پێبکرێت، چونکە ئێمە باکگراوندێکمان هەبوو ئەویش ئەو دەستوورە بوو ساڵی ٢٠٠٢ ئامادەکرابوو ئەمڕۆش سوودێکی باشمان لەوە وەرگرت بۆ ئەم دەستوورە تازەیە.

*** ڕۆڵی ئافرەت لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا چۆنە؟**

– ئافرەت لەم دەستوورەدا خاوەن مافی مەدەنی و سیاسییە و دەستوور زامنی ئەو مافانەی ئافرەتە کە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە و دان بە مافی ئافرەتاندا دەنێت.

نابێت لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستاندا کەمتر لە ٢٥ ٪ بەشداری ئافرەتی تێدا بێت و ئەم ڕێژەیەش لە ئەنجوومەنەکانی وەک پارێزگاکان و ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکانی تریشدا بەو جۆرە دەبێت.

*** ئەم دەستوورە کەی و چۆن دەخرێتە بەردەست خەڵکی بۆ پەسەندکردن؟**

– کە دەستوورەکە گەڵاڵە کرا دەدرێتە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ تێپەڕبوون و لەوێوە دەخرێتە دەنگدانەوە و دەبێت زۆرینە دەنگی بۆ بدەن.

*** ئەگەر ئەو زۆرینەیەی دەنگی بەدەست نەهێنا ؟**

– دەستوورەکە ئەگەر زۆرینەی دەنگی بەدەست نەهێنا ئەوا دەستوورەکە ڕەد دەکرێتەوە و دەبێت دەستوورێکی تازە بنووسرێتەوە. ■